# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان

ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دابگرین و لە پەراوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواری دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووونیدا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

هەژێن

بەشی حەوتەم

## مەسەلەی حیجاب و دەسەڵاتی ئیسلامییەکان، ئێوە کەمتر قسەی لەسەر دەکەن؟

سەرپۆش و جۆرەکانی پۆشاك، پەیوەندییان بە حەز و خواست و ویستی تاکەکانەوە هەیە، من کوێخای هیچ کەس نیم و مافی ئەوەم نییە، کە بە کەس بڵێم سەرت داپۆشە یا سەرپۆشەکەت فڕێدە. بەڵام کاتێك کە کەسێك یا گروپێك یا دەسەڵاتێك بیەوێت بەسەر کەسێك یا بەشێکی کۆمەڵگەدا پۆشینی پۆشاك یا نەپۆشینی بسەپێنێت، وەك هەر سەرکوتگەرییەکی دیکەی سەروەران، سەرسەختانە دژایەتییدەکەم. هەروەها من لەو بڕوایەدام سەرپۆشین و نەپۆشین ناتوانن ببنە پێوانەی ئازادی و ئازادیخوازیی کەسێك. دەکرێت ژنێك چ بە زۆر و یا بە ئارەزووی خۆی سەرپۆش لەسەری بپێچێت و ڕادیکاڵترین ئازادیخواز بێت، هەروا بۆی هەیە ژنێك چ بە خواستی خۆی و چ بە زۆر خۆی ڕووتبکاتەوە و کۆنەپەرسترین کەس بێت. لێرەدا دوو نموونە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم دەهێنمەوە:

یەکەم، ژنانی یەمەن و میسر و تونس و سوریە دەکەمە نموونە، کە لە ڕاپەڕینەکاندا بەشدارییان دەکرد و مۆتۆری بزووتن و ڕادیکاڵبوونی ڕاپەڕینەکان بوون. ئەگەر سەرنجی دروشمەکانی ژنانی بەسەرپۆشی یەمەن و پیاوانی بێسەرپۆشی ئەو وڵاتە بدەین، دەبینن ڕادیکالیزم و ئامادەیی شۆڕشگێڕانەی ژنان زۆر لە پیاوان زیاتر بوو و بگرە لە ژنانی بێسەرپۆش شۆڕشگێڕانەتر لەسەر شەقامەکان بوون. هەڵبەتە لەبەرئەوە نا، کە سەرپۆشیان بەسەرەوە بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی بەزۆری ژنانی زەحمەتکێشی چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوون. بەڵام لە بەرامبەردا ژنانی خوێندوار و پلەدار، کە بێسەرپۆشن، وەك سروشتی چین و توێژەکەیان پارێزگار و دوورەپەرێز و نادەربەست بوون. لەم بارەوە، بڕواناکەم وێنەی ژنانی چادرپۆشی یەمەن، کە چەند ڕۆژێك بەردەم زیندانی پایتەختی ئەو وڵاتەیان گرتبوو، تاوەکو هاوڕەگەزە ژورنالیستەکەیان لەو زیندانەدا ڕزگاربکەن، بە ئاسانی لە هۆشی زۆرینەماندا سڕدرابێتەوە.

دووەم، ئەگەر خۆڕووتکردنەوە پێوەری ئازادیخوازیی بووایە، بەو جۆرەی کە چەپەکان و هەندێك لە ناسیونالیستەکان پاگەندەی دەکەن وێنەی ژنانی سفوری جاران وەك پێشکەوتن بە بەراوردی ئێستای کۆمەڵگە دەخەنەڕوو، دەبوو ژنانی سێکسفرۆشخانەکان ئازادیخوازترین و پێشڕەوانی بزاڤی یەکسانی و ژن و پیاو بووایەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بارەی ماف و ئازادی و خۆڕزگارییەوە، کەمدەرکترین توێژی ژنان پێکدەهێنن و خوارتر لەو ئاستە تەماشای خۆیان دەکەن، کە ئایینیەکان بۆیان دیاریکردوون. ئەگەر ژنانی سەرپۆشپۆشی ئاییندار تا ئاستی دارایی پیاوەکەی خۆی کەم ببینێت، ئەوا ژنانی هەردەم ڕووتەڵەی سێکسفرۆشخانە و ڕابواردنگەکانی دیکە، تا ئاستی کاڵابوونی هەر ڕۆژە لە بازاردا کێبڕکێی خستنەڕووی خۆیان وەك کاڵای خوازراوی پیاوان و هەراجخانە، خۆیان کەمتر تەماشادەکەن و دەنوێنن.

لەبەرئەوە، من هەر ئاوا کە لە بڕیاری سەپاندنی ڕووپۆشدا فاشیزمی مەزهەبییانەی پیاوان دەبینم، هەر ئاواش لە بڕیاری قەدەخەکردنی ڕووپۆشدا، فاشیزمی سێکیولاریستەکان دەبینم. هەر دوو بەرەکە خەریکن لە سەرووی ویست و ئازادی تاکەوە بڕیاردەدەن و حەزە مەزهەبییەکانیان گشتگیردەکەنەوە. لەبەرئەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوان سووکایەتی دەمهەراشێکی ئیسلامیست بە ژنانی خۆنەپۆش و سووکایەتی دەمهەراشێکی ناسیونالیست و سکیولاریست بە ژنانی خۆپۆش نییە و هەردووکیان

لە بارەی بەشی دووەمی پرسیارەكەوە [دەسەڵاتی ئیسلامییەكان]، ئەناركییەكان نەك هەر دەسەڵاتی ئیسلامییەكان ڕەتدەكەنەوە، بەڵكو مافی دەسەڵاتداربوون بە خۆیان و بە كەسی دیكەش نادەن و دژایەتی هەموو دەسەڵاتێك دەكەن، چ دەسەڵاتی مزگەوت و كەنیسە و كلیسا و تێمپڵەكان بێت یا دەسەڵاتی پارلەمانتارەكان و فیلۆسۆفەكان بێت. چونكە دەسەڵاتی سەرووخەڵكی هی هەر كەس و لایەنێك بێت، هەر خزمەت بە بەرژەوەندی چینێكی باڵادەستی ئابووریی و كۆمەڵایەتی دەكات و ئیسلامیش وەك مەزهەب، ئایدیۆلۆجیای سەروەری چینایەتەییە !

ئەگەر مەبەستیش لە كەمی بەكاربردنی واژەی ئیسلامی و "حیجاب" بێت، ئەوا هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە ئەناركییەكان دژی هەموو سەپاندنێكن بەسەر تاكەكەسدا و ئازادی تاك بە بنەمای ئازادی كۆمەڵگە دەزانن و ئازادی تاكیش تەنیا لە فڕێدانی سەرپۆشدا كورتناكەنەوە، بەڵكو فراوانتر و واوەتر لە تێڕانینی چەپەكان و دەوڵەتگەرا بەناو سۆشیالیستەكان، هەموو پرسێكی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگە بە ئازادی و ئازادبوونی تاكەوە دەبەستنەوە و كۆمەڵگەی ئازاد تەنیا لە ئازادی هەموو تاكەكاندا وێنادەكەن؛ ئازادی بەواتای سەربەخۆبوونی ئابووریی و ڕامیاریی و كولتووریی و كۆمەڵایەتیی تاك. ئەناركییەكان قسە لە ڕەتكردنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی دەكەن، كە بەم دەسەڵاتی ئیسلامییەكان و هەم دەسەڵاتی پارلەمانی دەستەبژێر و تەكنۆكراتەكان و هەم دەسەڵاتی پارتە پێشڕەوە كۆمونیستەكانیش دەگرێتەوە. ئاوا كە لە جیاتی دەستەواژەی فەرمانداریی [حكومەتی] "ناسیونالیستی" و " ەومی و "عەشیرەتی"، .ەستەواژەی دەسەڵات و فەرمانداریی بۆجوازی بەكاردەبەن، هەر ئاواش لە جیاتی دەسەڵاتی ئیسلامییەكان، دەسەڵاتی بۆرجوازی و چینایەتی بەكاردەبەن.

جیاوازییەكە لەوەدایە، كە تۆ لە ڕوانگەیەكی چەپییەوە، ڕەتكردنەوەی دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەتی ئیسلامی و جێگرتنەوەی بە دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەتی پارتە چەپەكان بە سۆشیالیزم ببینیت، ئەمەش بەو سەرەنجامەت دەگەیێنێت، كە دروشمی نەهێشتن و قەدەخەكردنی سەرپۆش و جێگرتنەوەی فەرمانداریی ئیسلامی بە فەرمانداریی سێكیولاریستی، بە شۆڕش و گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بزانیت. ئەمەش بۆخۆی ڕێگرێكی گەورەیە لەبەردەم دیتنی ئەو دیوی دروشمە بریقەدارەكان، كە فاشیستیبوونی سەپاندنی سەرپۆش و قەدەخەكردنی سەرپۆش و یەكیبوونی نێوەڕۆكی چینایەتی دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەتی ئایینی و سێكیولاریستییە و واوەتر لەوەش، ئەوەیە كە دەوڵەتی سێكیولایستی بریتییە لە یاساییكردن و دونیاییكردنی سێكوچكەی دەسەڵاتی (خوا - كەنیسە – پاشا)، نەك جیاكردنەوەی ئایین لە بەڕێوەبەرایەتی كۆمەڵگە، وەك ئەوەی چەپەكان پاگەندەی بۆ دەكەن.

### ئەو ڕێكخراوانەی كە تۆ باسییان دەكەی، چ زەمانەتێك هەیە كە بە دەردی ئەوانەی پێشتر نەچن؟

پرسیارێكی گەلێك دروست و هەردەم پێویست و بەجێیە، چونكە تەنیا جیاوازبوون بەناو و پاگەندەكردنی شتەكان، ناكاتە جیاوازی لە سیكانیزمی كار و شێوازی ڕێكخستندا، بەڵكو ئامادەیی خۆهوشیاریی و خۆچالاكی و خۆڕێكخەریی ئەندامانی ئەو ڕێكخراوانە دەبێتە مسۆگەرگەری ئەوەی كە ئەو ڕێكخراوانە وەك ڕێكخراوە قوچكەییەكان، لەلایەن كەمایەتییەكی بەتوانا و دەستەمۆگەرەوە، دەستەمۆ و كۆنترۆڵنەكرێن. ئەمە بەواتای پێویستی پێداگرتن لەسەر ڕۆڵی چارەنووسسازانەی میكانیزمەكانی خۆڕێكخستن و شێوازی خۆچالاكی و خۆكارایی گشت ئەندامانی پێكهێنەری ڕێكخراوەكە دێت، بەوەی كە ڕێكخراوەكان لە جیاتی پشتبەستن بە بڕیاری سەرەوە و نێوەندیی كار، بەكۆ-هەڵسەنگاندن و بەكۆ-بڕیاردان و بەكۆ-جێبەجێكردن لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا دەكەنە میكانیزمی بەرگرتن لە خۆسەپاندن و فەرماندان و زاڵبوونی دەستەبژێرە ڕامیارپیشەكان.

وەک دەزانین، هەموو ڕێكخستێكی ئایدیۆلۆجی و ڕامیاریی لەسەر ئەو بنەمایەی، كە هۆش/ تیئۆری بە هۆكار و دروستكەری بزووتنەوەكان دەبینێت، خۆبەخۆ پێویستی بە نێوەندگەرایی بۆ ڕێكخستن و كاركردن و بڕیاردان و جێبەجێكردنی كاروبارە پارتییەكانی هەیە، نێوەندگەراییەش پێویستی بە شوانە/ ڕابەر لە لووتكەدا هەیە و شوانەش پێویستی بە كۆمەڵە پاشڕەو و

ملکەچێکی زمانلوس و فریودەر بۆ ڕاگرتنی خۆشباوەڕان هەیە. بە هەمان شێوەش ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییە پاشکۆکانی دەوڵەت و پارت خۆبەخۆ کۆپیکردنەوەی هەمان پێکهاتەی قووچکەیی و ڕێکخستنی سەروخوار و پلەبەندیی کاروبارەکان و چالاکییەکان و بڕیارەکان دەبن، کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی پارتی سۆشیالدیمۆکراتی ئاڵمانەوە تا سەردەمی بۆلشەڤیکەکان و تا ئەم حیکمەتیستەکانی ئێران و عیراق، هەر هەوڵ و بزووتنەوە و ڕێکخراوێك، کە لەبەر نائامادەیی خۆهوشیاریی و خۆکارایی چالاکانی ڕەدووی پارتە ڕامیارەکانکەوتبێت، ئەوا هەنگاو بە هەنگاو لاوازبوون و دەستەمۆبوونی لەلایەن پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانەوە تەشەنەپێدراوە و دواجار وەك هەر شانەیەك یا کۆمیتەیەکی پارتیی دەستیبەسەرداگیراوە و وەك ئامراز بۆ بەدیهێنانی داخوازیی و حەزەکانی دەستەی سەروەرانی پارت [نووسینگەی ڕامیاریی، کۆمیتەی نێوەندی و کۆمیتەی ڕێکخستن و لێژنە خۆجێیەکانی پارت] بەکاربراوە و دەبرێن. لەم بارەوە نموونە زۆرن، هەر لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە لە سایەی زاڵبوونی ڕامیارییەکانی (حشع)دا تا دەهەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو لە سایەی زاڵبوونی ڕامیارییەکانی ڕەوتی کۆمونیزمی کارگەریی، بینەری چەندین بزووتنەوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتی بووین، کە بە هۆی هەژموونی ئەو دوو ڕەوتەوە لەباربراون و خەسێندراون و دواجار لەتەك تێکشکانی خۆیان، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیشیان بەرەو تێکشکان بردوون.

ڕێکخراوەی خۆبەخۆیی جەماوەریی وەك سروشتیترین یەکێتی چینایەتی چین و توێژە پرۆلێتێرەکان، هەردەم لە بەرامبەر هەوڵی دەستەمۆکارانەی پارتەکان و کەس و دەستەبژێرە ڕامیارەکاندا کاردانەوەیان نیشانداوە و یەکەمین هەنگاوی ئەو کاردانەوەیە ئەوە بووە، کە سەربەخۆیی چینایەتی خۆی لە هەژموونی دەسەڵات و ڕیفۆرمیزم بپارێزێت و هاوکات بە دەرککردنی ئامانج و پەیبردن بە هاندەرەکانی هەوڵی خۆتێهەڵقورتاندنی پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکان لە خەباتی جەماوەرییدا بۆ بە ڕامیاریکردنی خەباتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی، خەباتکاران و چالاکانی خۆهوشیاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هەوڵی دابڕاندن و دەستکۆتاکردنی ڕامیاران و پارتەکانیان داوە.

هەڵبەتە لەبەرئەوەی کە دەستەمۆبوون و پاشکۆبوون و سازشکاریی تەنیا زەمینە یا هۆکاری دەرەکییان نەبووە، پرسەکە لێرەدا و بەم دوو بەرگرتنە کۆتایینەهاتووە، چونکە خودی تاکە ڕێکخراوەکانی نێو ئەو ڕێکخراوانە وەك هەر تاکێکی دیکە لە سیستەم و ڕێکخستنی پێکهاتە قووچکەییەکاندا پەروەردەبووە، ئەمە بۆ خۆی دروستکەری زەمینەی نێوخۆییە بۆ سەرهەڵدانی هەمان ئاراستە و هەژموون. ئەم هۆکارە سەرنجی چالاکان و خەباتکارانی ڕێکخراوەکانی بۆ بەرگرتن بە هەژموونی دەسەڵات و پارتەکان لەو ڕێگەیەوە ڕاکێشاوە و ناچار بە بیرکردنەوە لە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە قووچکەییەکان و هێنانەئارای میکانیزمگەلێکی ڕێگر لە دروستبوونەوەی پلەبەندی و پێگەی سەر و خوار و ڕێکخستنی قووچکەیی، کردووە. هەر ئەم پێداویستییە بووە، کە لە بەرامبەر پابەندیی ئایدیۆلۆجی و هێڵی ڕامیاریدا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی چینیەتی و داخوازییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراوە سەربەخۆ جەماوەرییەکان پێکهێنراون و لە بەرامبەر کۆبوونەوەی داخراوی نوێنەران و سەرۆکانی ڕێکخراوەکاندا، کۆبوونەوەی گشتیی گشت ئەندامان، لە بەرامبەر ڕێکخستنی قووچکەیی سەرکردایەتی و نێوەندی و سەرۆکایەتیدا، ڕێکخستنی ئاسۆیی لك و بەش و کۆڕ و کۆمەڵەکان و یەکگرتنەوەیان لەسەر بنەمای بەشداریی هەمووانی و دەنگدانی گشتی لەسەر پرسەکان لە کۆبوونەوەی گشتیدا پێشنیاربووە.

ی هیچ کەسێك نین، بەڵکو بەرەنجامی ئەزموونگیریی خەباتی چینایەتیی چین و توێژە پرۆلیتێرەکانن و ئەنارکیستەکانیش بە پێداگرتنەوە و پابەندیی لەسەر سەربەخۆیی خەباتی چینایەتی و ناسینی ئەو خەباتە بە تاقە سەنگەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی چەوساوان، هەردەم پاگەندەی ئەم شێوازە لە ڕێکخستن [خۆڕێکخستنی چین و توێژە پرۆلیتێرەکان دوور لە دەستتیورانی ڕامیاران و پارتەکان و دەسەڵات]، بەکاربردنی ئەو میکانیزمانە لە خەبات و چالاکیدا [بڕیاردان لەسەر پرسەکان و چارەسەر و داخوازییەکان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا]، پێداگریی لە خەباتی ڕاستەوخۆ [مانگرتن و خۆنیشاندان و بایکۆتکردن و دەستبەسەرداگرتنی کتوپڕ و نایاسایی] و نانێوەندییانە [ناسێنترالیییانە] بڕیاردان و چالاکی هەر بەش و لکێکی ڕێکخراوەکە یا فێدراسیۆن و کۆنفێدراسیۆنی ڕێکخراوەکان بە پەیڕوکردنی ئەم بنەمایە "خۆجێی چالاکی بکە و سەرتاسەریی و جیهانی بیربکەرەوە" ..تد دەکەن و بەوە لە ئاراستەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستی جیادەکرێنەوە، بەتایبەت لە دەوڵەتگەرا و دەسەڵاتخوازە بەناو سۆشیاکیستەکان !

ئەمە ئەو بنەمایانەن، کە ئەنارکییەکان پێداگرییان لەسەر دەکەن و بە بنەمای کاری ئەنارکۆسەندیکالیستی ناسراون. ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین، ئەو شێوازی ڕێکخستن و چالاکییە جەماوەرییەی کە لەسەرەوەدا هاتووە، خۆبەخۆ لە هەناوی خۆیدا هەڵگری میکانیزمەکانی بەرگرتن لە سەرهەڵدانەوەی پێکهاتەی چینایەتی [قووچکەیی] و دزەکردن و تەشەکردنی ڕیفۆرمیزم و بیرۆکراسی و هەلپەرستی دەستەبژێریانەی ڕامیارییە. هەروەها ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان، تەنیا ئامرازی ئەنجامدانی چالاکی و دەر ڕینی نارەزایەتی و بەدەستهێنانی داخوازییەکی کاتیی نین، بەپێچەوانەوە یەکێکی دیکە لە جیاوازییە هەرە بنەرەتییەکانیان، ئەوەیە کە فێرگەی پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ [مرۆڤی سۆشیالیستی ئازادیخواز]ن، واتە ئەو ڕێکخراوانە ئامانجیان لە چاکردنی ژیانی ڕۆژانە و هەلومەرجەکانی کار واوەتر دەڕوات و ئاراستەیەکی شۆڕشگێرانەیان هەیە.

هەڵبەتە مسۆگەریی پابەندمانەوەی ئەو ڕێکخراوە بە سەربەخۆیی و خەباتی شۆڕشگێڕانەوە، پێش ئەوەی کۆمەڵێك بنەما و میکانیزم دابینی بکەن، بە خۆبیرکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆچالاکی و خۆبڕیاردان و خۆخەمخۆریی ئەندامانییەوە پەیوەستە.

## ئایا ئێوە دەسەڵاتی شورایيتان ناوێت، ئیدی جیاوازیاتن لەگەڵ کۆمۆنیستەکان چییە؟

لێردا بەر لەوەی بێڵم نەخێر، پێویستە ئەوە بڵێم، کە بەداخەوە لە بەدەسەڵاتگەیشتنی بۆلشەڤیکەکان بەم لاوە، ئەو دەستەواژەیە و ئەو چەمکە شێوێنراوە و لەتەك دەسەڵاتی نێوەندیی پارتە کۆمونیستەکان و پێکهاتەی هیرارشیانەی دەسەڵاتەکەیان یەکسانکراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە سۆڤیێتەکانی ڕوسیا و کۆمونەکانی پاریس بۆ ئامانجێکی دیکە لەدایکبوون و زادەی پێگە و کەتوارێکی دیکەی تەواو جیاواز لە پارتایەتی و ئامانجە ڕامیارییەکان بوون. بەداخەوە هەر هەوڵێك بۆ پاڕاستنی ئەو ئامانجە لە پاش ساڵی ١٩١٨ەوە سەرکوتکراوە و دیارترینی ئەو هەوڵانە بۆ خۆبەڕێوەرایەتی سۆڤیێتی، یاخیبوونی شۆڕشگێرانی کرۆنشتات و مانگرتنی کرێکارانی پترۆگراد بوو لە ساڵی ١٩٢١دا، کە لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە خەڵتانی خوێنکران.

ئەگەر مەبەستی ئێوەش خۆبەڕێوەرایەتی سۆڤیێتە ئازادەکان بێت لەسەر بنەمای یەکگرتنی فیدراتیڤانە لە ئاستێکی فراوانتردا، ئەوا هیچ جیاوازی لەتەك خۆبەڕێوەرایەتی هەروەزەییە ئازادەکانی ەنارکییەکاندا نابێت و نەك ئەنارکییەکان دژایەتی ناکەن، بەڵکو پارێزگاریشی لێدەکەن. بەڵام ئەوەی کە بۆلشەڤیکەکان بەناوی سۆڤێتەکانەوە کردیان، لای من هیچ جیاوازی لەتەك سۆشیالیزمەکەی پارتی بەعسی عەرەبی عیراق یا سوریە نەبووە و نییە. بە بەڵگەشەوە بێجگە لەوەی کە بنەمای ئابووریی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و شێوازی دابەشکردنی هەردووکیان هەر بە دارابوونی دەوڵەت و کرێگرتەیی چین و توێژە پرۆلیتێرەکان و جێگرتنەوەی دەسەڵاتداریی چینی بۆرجوازیی بووە لەلایەن پارتەوە، هەروەها وەك خۆم، کاتێك کە لەتەك کەسە بەتەمەنە ڕوسە کۆمونیستەکاندا قسەمکردووە و باسی سیستەمی ئابووریی و ڕۆڵێ دەوڵەت و شێوازی کار لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا کردووە، دەستبەجێ گوتوویانە لەلای ئێمەش هەر ئاوابوو. من دەزانم ئەم ڕاستییە زۆر تاڵە و بۆ زۆرێك لە کۆمونیستەکان بەتایبەت مارکسیست-لێنیستەکان بیستینی ئاسانییە و هەڵدەچن، بەڵام بەڵگە مێژووییەکان دەیخەنەڕوو، کە لە ساڵی ١٩١٨ەوە کۆمیتەکانی کارخانە و سەندیکا کرێکارییە سەربەخۆکان و شوراکان کەنارەگیرکراون و باشترین نموونەش لە کاردانەوە و بەرەنگاریی سەرکوتکارییەکانی بۆلشەظیکەکان، مانگرتنەکانی کرێکارانی پترۆگراد و ڕاپەڕینەوەی شوراخوازەکانی کرۆنشتات بوون، کە لەلایەن لەشکری سووری بۆلشەڤیکەکانەوە کۆمەڵکوژککران و لە زیندانەکان و ئوردووگەکانی کاری زۆرەمێکدا لەنێوبران.

هەڵبەتە گرفتەکە هەر لەوەدا نییە، کە بۆلشەڤیکەکان چی بوون و چییانکردووە، بەڵکو گرفتەکە لەوە واوەتر و گەورەترە، ی هێشتا کەسانێك هەن، کە لەژێر دێوجامەی دەستەواژەی "دەسەڵاتی شورایی"، "حکومەتی کرێکاریی" و "ەوڵەتی سۆشیالیستیی"دا درێژە بە هەمان دژەشۆڕشییەك دەدەن، کە بۆلشەڤیکەکان لە ڕاپەڕینی ١٩١٧ و ڕووداوەکانی دواتردا گرتیانەبەر. ئەوەی کە ئامانجی بزووتنەوەی شورایی ١٩٠٥ تا ١٩٢١ بوو، دەسەڵات نەبوو بەناوی شوراکانەوە، ڕێکخستنی سێنترالیستییانەی کۆمەڵگە نەبوو بەناوی شوراکانەوە، بەڵکو "خۆبەڕێوەبەرایەتی شورایی" بوو لەلایەن شوراکانەوە و

ێوەبردنی هەر  گوند و گەڕەك و شار و کارخانە و شوێنەکانی دیکە بوو لەلایەن شورای خۆیانەوە و یەکگرتنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەو شورایانە بوو لە ئاستێکی سەر سەریدا، دوور لە دەستتێوەردانی پارت و ڕامیاران، واتە کۆمەڵایەتییکردنەوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هەر ئەم بنەما و ئاسۆییە بوو، کە خەباتی هەرەوەزییەکانی ئۆکرانیا و مانگرتنەکانی کرێکارانی پترۆگراد و ڕاپەڕیوانی کرۆنشتاتی پێکەوە گرێدەدایەوە. وەك دەبینیت، ئیدی جیاوازییەك لە نێوانیاندا لە ئارادا نییە، هەروەك چۆن لە سەرکوتکردن و کۆمەڵکوژکردنیشیاندا لەلایەن بۆلشەڤیکەکانەوە بە فەرمانی لێنین و ترۆتسکی، هیچ جیاوازییەك نەبوو و نەکرا، کرێکارانی مانگرتووی پترۆگراد و ڕاپەڕینەوەی شوراکانی کرۆنشتات و بەرەنگاری هەرەوەزییەکانی ئۆکرانیا وەکو یەك کرانە داردەستی دوژمن و وەکو یەك لەلایەن لەشکری سوورەوە درانە بەر دەسترێژی گوللەی پارتی پێشڕەو و فەرمانداریەکەی [حکومەتەکەی] !

چەوساوانی کۆمەڵگە [چین و توێژە پرۆلیتێرەکان] هەوڵی قوتکردنەوەی دەسەڵات و فەرمانداریی و دەوڵەت بەناوی خۆیانەوە نادەن، چونکە هەم ئامانجی خەبات و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەیان لەنێوبردنی پێگەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ژێردەستانەی خۆیانە وەك چینێکی کۆیلەکراو و هەم ئامانجیان کۆمەڵایەتییکردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، واتە دابینکردنی یەکسانی دەسەڵات یا هەبوونی مافی بەشداری لە کاروبارە کۆمەلایەتییەکاندا بۆ هەموو دانیشتووان.  وەها پرۆسێسێك پێویستی بە دەسەڵاتی سەرووخەڵکی، پێشڕەویی دەستەبژێری ڕامیار و پارتەکان، بە میراتبردنی فەرمانداریی و دەوڵەت لە بۆرجواکانەوە نییە، بەڵکو ڕێك بەپێچەوانەوە پێویستییان بە بەرەنگاریی هەر هەوڵێکە، کە دەخوازێت جێگەی بازاری ئازاد بە دارایی تایبەت بە دارایی دەوڵەتی، فرەپارتیی بە تاکپارتیی، پارلەمان بە شورای نێوندیی پارت و ڕامیاران و تەکنۆکرات و بەڕێوەبەران، دیکتاتۆریی بۆرجوازیی بە دیکتاتۆریی پارتیی بەناوی پرۆلیتارياوە، بگرێتەوە !

لەبەرئەوە، ئەنارکیستەکان دژایەتی سەخت و بەردەوامی ئەو پاگەندە دەسەڵاتخواز و ڕامیاریانە دەکەن، کە بەناوی شورا و کۆمون و کۆمونیزمەوە دەخوازن کۆمەڵگەی چینایەتی لەسەر مۆدێلێکی دیکەی ڕێکخستنی چینایەتی ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە دژایەتی هەموو هەوڵێکی نێوندگەرایانە و هەموو ڕێکخستنێکی و قووچکەییانە دەکەن و ئەو دژایەتییە بە بەشێك لە خەبات دژی سیستەم و سەروەریی چێنایەتی دەزانن.

**************************************************************

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە
بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم: http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم:http://wp.me/ppHbY-Jg

nojenkirdnewey Wellamekan

> Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt.
>
> Hejên

## Beşî hewtem

### Meseley hîcab û desellatî îslamîyekan, êwe kemtir qsey leser deken?

Serpoş û corekanî poşak, peywendîyan be hez û xwast û wîstî takekanewe heye, min kwêxay hîç kes nîm û mafî ewem nîye, ke be kes bllêm sert dapoşe ya serpoşeket frrêde, bellam katêk ke kesêk ya grupêk ya desellatêk byewêt beser kesêk ya beşêkî komellgeda poşînî poşak ya nepoşînî bsepînêt, wek her serkutgerîyekî dîkey serweran, sersextane djayetîydekem. Herweha min lew birrwayedam serpoşîn û nepoşîn natwanin binne pêwaney azadî û azadîxwazîy kesêk. Dekrêt jnêk çi be zor û ya be arezûy xoy serpoş leserî bpêçêt û radîkaltirîn azadîxwaz bêt, herwa boy heye jnêk çi be xwastî xoy û çi be zor xoy rûtibkatewe û koneperistrîn kes bêt. Lêreda dû nmûne bo selmandinî boçûnekem dehênmewe:

Yekem, jnanî yemen û mîsr û tunis û surye dekeme nmûne, ke le raperrînekanda beşdarîyan dekrid û motorî bzûtin û radîkallbûnî raperrînekan bûn. Eger sernicî druşmekanî jnanî beserpoşî yemen û pyawanî bêserpoşî ew wllate bdeyn, debînin radîkalîzm û amadeyî şorrşigêraney jnan zor le pyawan zyatir bû û bigre le jnanî bêserpoş şorrşigêrranetir leser şeqamekan bûn. Hellbete leberewe na, ke serpoşyan beserewe bû, bellku leberewey bezorî jnanî zehmetkêşî çîn û twêjekanî xwarewey komellge bûn. Bellam le beramberda jnanî xwêndwar û pledar, ke bêserpoşn, wek sruştî çîn û twêjekeyan parêzgar û dûreperêz û naderbest bûn. Lem barewe, birrwanakem wêney jnanî çadirpoşî yemen, ke çend rojêk berdem zîndanî paytextî ew wllateyan girtbû, taweku hawrregeze jurnalîstekeyan lew  zîndaneda rizgarbken, be asanî le hoşî zorînemanda sirrdrabêtewe.

Duwem, eger xorrûtkirdnewe pêwerî azadîxwazîy buwaye, bew corey ke çepekan û hendêk le nasîwnalîstekan pagendey deken û wêney jnanî sfurî caran wek pêşkewtin be berawridî êstay komellge dexenerrû, debû jnanî sêksifroşxanekan azadîxwaztirîn û pêşirrwanî bzavî yeksanî û jin û pyaw buwayen, bellam bepêçewanewe le barey maf û azadî û xorrizgarîyewe, kemderkitrîn twêjî jnan pêkdehênin û xwartir lew aste temaşay xoyan deken, ke ayînyekan boyan dyarîkridûn. Eger jnanî serpoşpoşî ayîndar ta astî darayî pyawekey xoy kem bbînêt, ewa jnanî herdem rûtelley sêksifroşxane û rabwardingekanî dîke, ta astî kallabûnî her roje le bazarda kêbrrikêy xistnerrûy xoyan wek kallay xwazrawî pyawan û heracxane, xoyan kemtir temaşadeken û denwênin.

Leberewe, min her awa ke le birryarî sepandinî rûpoşda faşîzmî mezhebîyaney pyawan debînim, her awaş le birryarî qedexekirdnî rûpoşda, faşîzmî sêkîwlarîstekan debînim. Her dû bereke xerîkin le serûy wîst û azadî takewe birryardeden û heze mezhebîyekanyan giştgîrdekenewe, leberewe hîç cyawazîyek lenêwan sûkayetî

demheraşêkî îslamîst be jnanî xonepoş û sûkayetî demheraşêkî nasîwnalîst û skîwlarîst be jnanî xopoş nîye û herdûkyan dû dîwî yek aydyay faşîstîn; birryardanî ramyaran le serûy wîstî takewe !

Le barey beşî duwemî pirsyarekewe [desellatî îslamîyekan], enarkîyekan nek her desellatî îslamîyekan retdekenewe, bellku mafî desellatdarbûn be xoyan û be kesî dîkeş naden û djayetî hemû desellatêk deken, çi desellatî mizgewt û kenîse û klîsa û têmpillekan bêt ya desellatî parlemantarekan û fîlosofekan bêt. Çunke desellatî serûxellkî hî her kes û layenêk bêt, her xizmet be berjewendî çînêkî balladestî abûrîy û komellayetî dekat û îslamîş wek mezheb, aydyolocyay serwerî çînayeteyye !

Eger mebestîş le kemî bekarbirdnî wajey îslamî û "hîcab" bêt, ewa hokarekey bo ewe degerrêtewe, ke enarkîyekan djî hemû sepandinêkin beser takekesda û azadî tak be bnemay azadî komellge dezanin û azadî takîş tenya le frrêdanî serpoşda kurtnakenewe, bellku frawantir û wawetir le têrranînî çepekan û dewlletgera benaw soşyalîstekan, hemû pirsêkî komellayetîy komellge be azadî û azadbûnî takewe debestnewe û komellgey azad tenya le azadî hemû takekanda wênadeken; azadî bewatay serbexobûnî abûrîy û ramyarîy û kultûrîy û komellayetîy tak. Enarkîyekan qse le retkirdnewey desellatî çînayetî deken, ke hem desellatî îslamîyekan û hem desellatî parlemanî destebjêr û teknokratekan û hem desellatî parte pêşrrewe komunîstekanîş degrêtewe. Awa ke le cyatî destewajey fermandarîy [hkumetî] "nasîwnalîstî" û "qewmî û "'eşîretî", destewajey desellat û fermandarîy bocwazî bekardeben, her awaş le cyatî desellatî îslamîyekan, desellatî borcwazî û çînayetî bekardeben.

Cyawazîyeke lewedaye, ke to le rwangeyekî çepîyewe, retkirdnewey desellat û fermandarîy û dewlletî îslamî û cêgirtnewey be desellat û fermandarîy û dewlletî parte çepekan be soşyalîzm bbînît, emeş bew serencamet degeyênêt, ke druşmî nehêştin û qedexekirdnî serpoş û cêgirtnewey fermandarîy îslamî be fermandarîy sêkîwlarîstî, be şorrş û gorranî şorrşigêrrane bzanît. Emeş boxoy rêgrêkî gewreye leberdem dîtnî ew dîwî druşme brîqedarekan, ke faşîstîbûnî sepandinî serpoş û qedexekirdnî serpoş û yekîbûnî nêwerrokî çînayetî desellat û fermandarîy û dewlletî ayînî û sêkîwlarîstîye û wawetir leweş, eweye ke dewlletî sêkîwlayistî brîtîye le yasayîkirdin û dunyayîkirdnî sêkuçkey desellatî (xwa – kenîse – paşa), nek cyakirdnewey ayîn le berrêweberayetî komellge, wek ewey çepekan pagendey bo deken.

## Ew rêkixrawaney ke to basîyan dekey, çi zemanetêk heye ke be derdî ewaney pêştir neçin?

Pirsyarêkî gelêk drust û herdem pêwîst û becêye, çunke betenya cyawazbûn benaw û pagendekirdnî ştekan, nakate cyawazî le mîkanîzmî kar û şêwazî rêkxistinda, bellku amadeyî xohuşyarîy û xoçalakî û xoêkxerîy endamanî ew rêkixrawane debête msogergerî ewey ke ew rêkixrawane wek rêkixrawe quçkeyyekan, lelayen kemayetîyekî betwana û destemogerewe, destemo û kontrillnekrên. Eme bewatay pêwîstî pêdagirtin leser rollî çarenûssazaney mîkanîzmekanî xorrêkxistin û şêwazî xoçalakî û xokarayî giştî endamanî pêkhênerî rêkixraweke dêt, bewey ke rêkixrawekan le cyatî piştbestin be birryarî serewe û nêwendîy kar, beko-hellsengandin û beko-birryardan û beko-cêbecêkirdin le kobûnewe giştîyekanda dekene mîkanîzmî bergirtin le xosepandin û fermandan û zallbûnî destebjêre ramyarpîşekan.

wek dezanîn, hemû rêkxistêkî aydyolocî û ramyarîy leser ew bnemayey, ke hoş/ tîorî be hokar û drustkerî

bzûtnewekan debînêt, xobexo pêwîstî be nêwendgerayî bo rêkxistin û karkirdin û birryardan û cêbecêkirdnî karubare partîyekanî heye, nêwendgerayyeş pêwîstî be şwane/ raber le lûtkeda heye û şwaneş pêwîstî be komelle paşrrew û milkeçêkî zmanlus û frîwder bo ragirtnî xoşbawerran heye. Be heman şêweş rêkixrawe benaw cemawerîye paşkokanî dewllet û part xobexo kopîkirdnewey heman pêkhatey qûçkeyî û rêkxistinî seruxwar û plebendîy karubarekan û çalakîyekan û biryarekan debin, ke le serdemî serhelldanî partî soşyaldêmokratî allmanewe ta serdemî bolşevîkekan û ta em serdemey parte hîkmetîstekanî êran û 'îraq, her hewll û bzûtnewe û rêkixrawêk, ke leber naamadeyî xohuşyarîy endaman û xokarayî çalakanî redûy parte ramyarekankewtibêt, ewa hengaw be hengaw lawazbûn û destemobûnî lelayen part û rêkixrawe ramyarîyekanewe teşenepêdrawe û dwacar wek her şaneyek ya komîteyekî partîy destîbeserdagîrawe û wek amraz bo bedîhênanî daxwazîy û hezekanî destey serweranî part [nûsîngey ramyarîy, komîtey nêwendî û komîtey rêkxistin û lêjne xocêyekanî part] bekarbrawe û debrên. Lem barewe nmûne zorn, her le sallanî pencakanî sedey raburduwewe le sayey zallbûnî ramyarîyekanî (hiş')da ta dehey newedî sedey raburdû le sayey zallîwunî ramyarîyekanî rewtî komunîzmî kargerîyî, bînerî çendîn bzûtnewey cemawerîy û komellayetî bûyn, ke be hoy hejmûnî ew dû rewtewe lebarbrawn û xesêndrawn û dwacar letek têkişkanî xoyan, rêkixrawe cemawerîyekanîşyan berew têkişkan birdûn.

Rêkixrawey xobexoyî cemawerîy wek sruştîtrîn yekêtî çînayetî çîn û twêje prrolîtêrekan, herdem le beramber hewllî destemokaraney partekan û kes û destebjêre ramyarekanda kardaneweyan nîşandawe û yekemîn hengawî ew kardaneweye ewe buwe, ke serbexoyî çînayetî xoy le hejmûnî desellat û rîformîzm bparêzêt û hawkat be derkkirdnî amanc û peybirdin be handerekanî hewllî xotêhellqurtandinî part û rêkixrawe ramyarîyekan le xebatî cemawerîyda bo be ramyarîykirdnî xebate abûrîy û komellayetîyekey, xebatkaran û çalakanî xohuşyarî rêkixrawe cemawerîyekan hewllî dabrrandin û destkotakirdnî ramyaran û partekanyan dawe.

Hellbete leberewey ke destemobûn û paşkobûn û sazişkarîy tenya zemîne ya hokarî derekîyan nebuwe, pirseke lêreda û bem dû bergirtne kotayînehatuwe, çunke xudî take rêkixrawekanî nêw ew rêkixrawane wek her takêkî dîke le sîstem û rêkxistinî pêkhate qûçkeyyekanda perwerdebuwe, eme bo xoy drustkerî zemîney nêwxoyîye bo serhelldanî heman araste û hejmûn. Em hokare sernicî çalakan û xebatkaranî rêkixrawekanî bo bergirtin be hejmûnî desellat û partekan lew rêgeyewe rakêşawe û naçar be bîrkirdnewe le hellweşandnewey pêkhate qûçkeyyekan û hênanearay mîkanîzimgelêkî rêgir le drustibûnewey plebendî û pêgey ser û xwar û rêkxistinî qûçkeyî, kirduwe. Her em pêdawîstîye buwe, ke le beramber pabendîyî aydyolocî û hêllî ramyarîyda, leser bnemay berjewendî hawbeşî çînayetî û daxwazîye abûrîy û komellayetîyekan rêkixrawe serbexo cemawerîyekan pêkhênrawn û le beramber kobûnewey daxrawî nwêneran û serokanî rêkixrawekanda, kobûnewey giştîy gişt endaman, le beramber rêkxistinî qûçkeyî serkirdayetî û nêwendî û serokayetîda, rêkxistinî asoyî lik û beş û korr û komellekan û yekgirtneweyan leser bnemay beşdarîy hemuwanî û dengdanî giştî leser pirsekan le kobûnewey giştîda pêşnyarbuwe.

Em bnemayane danrawî hîç kesêk nîn, bellku berencamî ezmûngîrîy xebatî çînayetîy çîn û twêje prrolîtêrekanin û enarkîstekanîş be pêdagirtnewe û pabendîy leser serbexoyî xebatî çînayetî û nasînî ew xebate be taqe sengerî şorrşî komellayetî çewsawan, herdem pagendey em şêwaze le rêkxistin [xorrêkxistinî çîn û twêje prrolîtêrekan dûr le destitîwranî ramyaran û partekan û desellat], bekarbirdnî ew mîkanîzmane le xebat û çalakîda [birryardan leser pirsekan û çareser û daxwazîyekan le kobûnewe giştîyekanda], pêdagrîy le xebatî rastewxo [mangirtin û xonîşandan û baykotkirdin û destbeserdagirtnî ktupirr û nayasayî] û nanêwendîyane [nasêntrallîyane] birryardan

û çalakî her beş û lkêkî rêkixraweke ya fêdrasyon û konfêdrasyonî rêkixrawekan be peyrrukirdnî em bnemaye "xocêy çalakî bke û sertaserîy û cîhanî bîrbkerewe" ..tid deken û bewe le arastekanî dîkey nêw bzûtnewey soşyalîstî cyadekrênewe, betaybet le dewlletgera û desellatixwaze benaw soşyakîstekan !

Eme ew bnemayanen, ke enarkîyekan pêdagrîyan leser deken û be bnemay karî enarkosendîkalîstî nasrawn. Eger serincibdeyn, debînîn, ew şêwazî rêkxistin û çalakîye cemawerîyey ke lesereweda hatuwe, xobexo le henawî xoyda hellgirî mîkanîzmekanî bergirtin le serhelldanewey pêkhatey çînayetî [qûçkeyî] û dzekirdin û teşekirdnî rîformîzm û bîrokrasî û helpersitî destebjêrîyaney ramyarîye. Herweha rêkixrawe cemawerîye serbexokan, tenya amrazî encamdanî çalakî û derbrrînî narrezayetî û bedestihênanî daxwazîyekî katîy nîn, bepêçewanewe yekêkî dîke le cyawazîye here bneretîyekanyan, eweye ke fêrgey perwerdekirdnî mrovî nwê [mrovî soşyalîstî azadîxwaz]n, wate ew rêkixrawane amancyan le çakirdnî jyanî rojane û helumercekanî kar wawetir derrwat û arasteyekî şorrşigêraneyan heye.

Hellbete msogerîy pabendmanewey ew rêkixrawe be serbexoyî û xebatî şorrşigêrranewe, pêş ewey komelêk bnema û mîkanîzm dabînî bken, be xobîrkirdnewe û xorrêkxistin û xoçalakî û xobirryardan û xoxemxorîy endamanîyewe peyweste.

## Aya êwe desellatî şurayîtan nawêt, îdî cyawazyatin legell komonîstekan çîye?

Lêrda ber lewey bêllm nexêr, pêwîste ewe bllêm, ke bedaxewe le bedesellatgeyîştinî bolşevîkekan bem lawe, ew destewajeye û ew çemke şêwênrawe û letek desellatî nêwendîy parte komunîstekan û pêkhatey hîrarşyaney desellatekeyan yeksankrawe, eme lekatêkda ke sovyêtekanî rusya û komunekanî parîs bo amancêkî dîke ledaykbûn û zadey pêge û ketwarêkî dîkey tewaw cyawaz le partayetî û amance ramyarîyekan bûn. Bedaxewe her hewllêk bo parrastinî ew amance le paş sallî 1918ewe serkutkrawe û dyartirînî ew hewllane bo xoberrêwerayetî sovyêtî, yaxîbûnî şorrşigêranî kronîştat û mangirtnî krêkaranî pitrograd bû le sallî 1921da, ke lelayen bolşevîkekanewe xelltanî xwênkran.

Eger mebestî êweş xoberrêwerayetî sovyête azadekan bêt leser bnemay yekgirtnî fîdratîvane le astêkî frawantirda, ewa hîç cyawazî letek xoberrêwerayetî herwezeyye azadekanî enarkîyekanda nabêt û nek enarkîyekan djayetî naken, bellku parêzgarîşî lêdeken. Bellam ewey ke bolşevîkekan benawî sovêtekanewe kirdyan, lay min hîç cyawazî letek soşyalîzmekey partî be'sî 'erebî 'îraq ya surye nebuwe û nîye. Be bellgeşewe bêcge lewey ke bnemay abûrîy û rêkxistinî komellge û peywendîyekanî berhemhênan û şêwazî dabeşkirdnî herdûkyan her be darabûnî dewllet û krêgirteyî çîn û twêje prolîtêrekan û cêgirtnewey desellatdarîy çînî borcwazîy buwe lelayen partewe, herweha wek xom, katêk ke letek kese betemene ruse komunîstekanda qsemkirduwe û basî sîstemî abûrîy û rollê dewllet û şêwazî kar le sayey desellatî be'sda kirduwe, destbeçî gutûyane lelay êmeş her awabû. Min dezanim em rastîye zor talle û bo zorrêk le komunîstekan betaybet markisîst-lênîstekan bîstînî asannîye û helldeçin, bellam bellge mêjûîyyekan deyxenerrû, ke le sallî 1918ewe komîtekanî karxane û sendîka krêkarîye serbexokan û şurakan kenaregîrkrawn û baştirîn nmûneş le kardanewe û berengarîy serkutkarîyekanî bolşevîkekan, mangirtnekanî krêkaranî pitrograd û raperrînewey şuraxwazekanî krronîştat bûn, ke lelayen leşkirî sûrî

bolşevîkekanewe komellkujkikran û le zîndanekan û urdûgekanî karî zoremêkda lenêwbran.

Hellbete grifteke her leweda nîye, ke bolşevîkekan çî bûn û çîyankirduwe, bellku grifteke lewe wawetir û gewretre, bewey hêşta kesanêk hen, ke lejêr dêwcamey destewajey "desellatî şurayî", "hkumetî krêkarîy" û "dewlletî soşyalîstîy"da drêje be heman djeşorrşîyek deden, ke bolşevîkekan le raperrînî 1917 û rûdawekanî dwatirda girtyaneber. Ewey ke amancî bzûtnewey şurayî 1905 ta 1921 bû, desellat nebû benawî şurakanewe, rêkxistinî sêntralîstîyaney komellge nebû benawî şurakanewe, bellku "xoberrêweberayetî şurayî" bû lelayen şurakanewe û berrêwebirdnî her gund û gerrek û şar û karxane û şwênekanî dîke bû lelayen şuray xoyanewe û yekgirtnewey berrêweberayetîyekanî ew şurayane bû le astêkî sertaserîyda, dûr le destitêwerdanî part û ramyaran, wate komellayetîykirdnewey berrêwebirdnî komellge. Her em bnema û asoyye bû, ke xebatî herewezîyekanî okranya û mangirtnekanî krêkaranî pitrograd û raperrîwanî krroniştatî pêkewe grêdedayewe. Wek debînît, îdî cyawazîyek le nêwanyanda le arada nîye, herwek çon le serkutkirdin û komellkujkirdnîşyanda lelayen bolşevîkekanewe be fermanî lênîn û trotsikî, hîç cyawazîyek nebû û nekra, krêkaranî mangirtûy pitrograd û raperrînewey şurakanî krroniştat û berengarîy herewezîyekanî okranya weku yek krane dardestî dujmin û weku yek lelayen leşkirî sûrewe drane ber destrrêjî gulley partî pêşrrew û fermandarîyekey [hkumetekey] !

Çewsawanî komellge [çîn û twêje prrolîtêrekan] hewllî qutkirdnewey desellat û fermandarîy û dewllet benawî xoyanewe naden, çunke hem amancî xebat û şorrşe komellayetîyekeyan lenêwbirdnî pêgey abûrîy û komellayetîy jêrdestaney xoyane wek çînêkî koylekraw û hem amancyan komellayetîykirdnewey berhemhênan û dabeşkirdin û berrêwebirdnî komellgeye, wate dabînkirdnî yeksanî desellat ya hebûnî mafî beşdarî le karubare komelayetîyekanda bo hemû danîştuwan.  Weha prosêsêk pêwîstî be desellatî serûxellkî, pêşrrewîy destebjêrrî ramyar û partekan, be mîratbirdnî fermandarîy û dewllet le borcwakanewe nîye, bellku rêk bepêçewanewe pêwîstîyan be berengarîy her hewllêke, ke dexwazêt cêgey bazarî azad be bazarî daxraw, darayî taybet be darayî dewlletî, frepartîy be takpartîy, parleman be şuray nêwnidîy part û ramyaran û teknokrat û berrêweberan, dîktatorîy borcwazîy be dîktatorîy partîy benawî prrolîtaryawe, bigrêtewe !

Leberewe, enarkîstekan djayetî sext û berdewamî ew pagende desellatixwaz û ramyarîyane deken, ke benawî şura û komun û komunîzmewe dexwazn komellgey çînayetî leser modêlêkî dîkey rêkxistinî çînayetî rêkbxenewe, bo ew mebeste djayetî hemû hewllêkî nêwindgerayane û hemû rêkxistinêkî û qûçkeyyane deken û ew djayetîye be beşêk le xebat djî sîstem û serwerîy çênayetî dezanin.

*************************************************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN

Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY

Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If

Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH

Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK

Beşî  şeşem:  http://wp.me/ppHbY-Jb